# چاوپێکەوتن لەگەڵ

# خوان رۆلفۆ



ژمارە
2
2016

*** بەڕێز رۆلفۆ، ئایا لە سەرەتادا، دەربارەی پرۆسەی پێگەیشتنتان وەکو نوسەرێك قسەمان بۆ دەکەیت؟**

خوان رۆلفۆ: راستیت دەوێ، دیاریکردنی خاڵێکی دەستپێك بۆ ئەم پرۆسەی پێگەیشتنە، کارێکی زەحمەتە، چونکە پەروەردەیەکی فەرمی لە ئارادا نەبوو، بەڵکو زیاتر پرۆسەیەکی رێکەوت بوو، یان بەوتەیەکی باشتر، پەروەردەکردنی تواناکانم لەسەر بنەمای خوێندنەوەی بەرهەم گەلێکی پەرشوبڵاوبوو کە بەدەستم دەگەیشت. سیستەمێکی دیاریکراوی نەبوو- رەنگە پەیدۆزی شتێکی سەیر بووبێ، کە لەهەمانکاتدا خاوەنی چەندین لایەنی مرۆیی بێت.

***ئایا لەنێوان ئەو بەرهەمە کەم و زیاد پەرش و بڵاوانەی کە دەتخوێندەوە، هەندێك کتێب هەبووە بایەخێکی تایبەتیت بۆی هەبوویێت؟**

خوان رۆلفۆ: بەڵێ. کاتێك هەرزەکار بووم لە نێو ئەو کتێبانەدا بەرهەمەکانی کنۆت هامسون-م خوێندەوە، لەراستیدا کتێبەکانیم لەبەرکرد- کاتێ ئەم نوسەرەم دۆزییەوە، چواردە، پانزە ساڵ بووم، منی زۆر خستە ژێر کاریگەری خۆیەوە، بۆ هەندێك شوێنی بردم، کە تا ئەو رۆژە بۆمن نەناسراو بوو. دنیایەکی تەم و مژاوی، دنیای سەرزەمینەکانی ئەسکەندەنافیا، لەهەمانکاتدا منی لەم پانتاییە رۆشنەی کە تیایدا دەژیم هێنایە دەرەوە، ئەم وڵاتە درەوشاوە، بەم روناکییە بەتینەیەوە. رەنگە بەهۆی حەزی بەرهەمەکانی بۆ کۆڵینەوە شتی تەماوی و لێڵ بوویێت، کە سەرنجی راکێشام، واتە کنەو پشکنینی شتێکی نە زۆر دژوارو کاریگەر وەکو ئەو ژینگەیەی کە منی تێدا دەژیام. سەرباری ئەمە، لەنێو نوسەرانی باکوری ئەوروپا، کنۆت هامسەن لەڕاستیدا سەرەتای رێگەبوو، بەڵام کار بەمە تەواو نەبوو، بەڵکو بە دوای نوسەرانی دیکەی ئەسکەندەنافیدا چووم و بەرهەمەکانیانم خوێندەوە، تاوەکو بە بەرهەمی سەرجەم نوسەرانی دیاری ئەو رۆژانە ئاشنابووم، نوسەرانی وەك: بویرسن، ینس پیتەر یاکوبسن، سیلما لاگیرلۆف، هەڵبەتە لەنێو ئەم نوسەرانەدا هالتور لاکسنس بۆمن دۆزینەوەیەکی راستەقینە بوو، هەڵبەتە زۆر پێش ئەوەی کە خەڵاتی نۆبڵ وەربگرێت. بەشێوەیەك خۆم لەگەڵ ئەو نوسەرانەدا هاوڕا دەبینی. سەبارەت بە دنیای خۆمان کە کەمێك ناخۆش بوو، بەرهەمی ئەم نوسەرانە تێگەیشتنێکی دادوەرانەتر، یان بەوتەیەکی باشتر گەشبینانەتری بۆ من دەخستەڕوو.

*** پەیوەندیت لەگەڵ ئەدەبیاتی مەکسیکدا چۆن بوو؟ بۆ نمونە رۆمانی شۆڕشی مەکسیك، ئایا ئەم جۆرە بەرهەمانەت خوێندۆتەوە؟**

خوان رۆڵفۆ: بەڵێ، لەراستیدا رۆمانی شۆڕشی مەکسیك کە لە کاتی شۆڕشدا روویدابوو، فۆرمێکی گشتی بۆ من خستەڕوو. من لەرێگەی چیرۆکەوە ئاشنای مێژوو بووم. لەوێ بوو، کە فێربووم شۆڕش چی بوو. پێمنەبڕا کە بە شەخسی ئەزمونی بکەم. دانی پێدادەنێم کە گروپێك لە نوسەران ئەمڕۆ بایەخیان پێنادرێت و فەرامۆشکراون، لەراستیدا لە پێشەنگانی رۆمانی مەکسیکین. بۆنمونە نوسەرانی وەك: رافائیل مونیوس، ئاسوئیلا، مارتین لویس گوسمان، لوپیز ئای فۆنتس، کە لەنێو بەرهەمەکانیدا کتێبی (ئۆردوگا) پێگەیەکی تایبەتی هەیە. لەنێو بەرهەمەکانی مونیوس کتێبی (تۆپەکەیان لەگەڵ خۆیاندا بۆ باچیمیا برد) جێگەی بایەخە، هەروەها رۆمانە مێژووییەکەی دەربارەی سانتا ئانا، کە بەشێوەیەکی تەوساوی باس لەم کەسایەتیە مێژووییەی مەکسیك دەکات.

***بەر لە دەستپێکی کاری نوسین بەرهەمەکانی یانیست خوێندبۆوە؟**



خوان رۆلفۆ: بەڵێ، بەر لە نوسینی (پیدرۆ پارامۆ)، (لەسەر تیغی ئاو
م خوێندبۆوە.

-بۆمان ڕووندەکەیتەوە کە چۆن شێوازی نوسینی پیدرۆ پارامۆت دۆزییەوە؟

خوان رۆلفۆ: بەر لەهەر شتێك، دەبوایە بەدوای شێوازدا بگەڕێم. کارەکتەر و فەزام هەبوو. من بەم ناوچەیەی وڵات ئاشنابووم، سەردەمانی منالیم لێرە بەسەربردبوو و شارەزای گشت وردەکارییەکانی ئەم شوێنانە بووم، بەڵام شێوازی دەربڕینیانم نەدەدۆزییەوە. سەرباری ئەمە بەسادەیی هەوڵمدا تا ئەم کارە بە زمانێك بنوسم، کە هەمیشە لە خەڵکەکەمم بیستبوو، خەڵکی گوندەکەم. هەوڵی دیکەشم دابوو-هەندێ هەوڵی زمانناسی- کە بێ ئاکام مابونەوە، چونکە بە بڕوای خۆم زۆر ئەکادیمی نەبوون، تەنانەت کەم و زیاد هەڵبەستراو دەهاتە بەرچاو. ئەو شێوازە لە پێکهاتەی ئەو ژینگەیەی کە من تێدا پەروەردە بوبووم، نامۆ دەهاتە بەرچاو. لە ئەنجامدا ئەو شێوازەی کە سەرەتا لە چیرۆکەکانمدا، پاشان لە رۆمانەکەمدا بەکارمهێنا، لەسەر بنەمای زمانی خەڵك وەستاوە، زمانێکی دەمەتەقێی کە لە گەورەکانەوە بیستبووم، هەمان زمان کە ئەمڕۆش لە برەودایە.

***هەندێك لە رەخنەگران دەڵێن (پیدرۆ پارامۆ) رۆمانێکی لێڵ و تاریکە. بیروڕای ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

خوان رۆلفۆ: باشە، بۆ منیش هەروایە، لە راستیدا ئەم رۆمانە لێڵ و تاریکە. بە بڕوای من خوێندنەوەی زۆر ئاسان نییە. بەتایبەتی هەوڵمدا هەندێ لایەن پێشنیار بکەم، نەك ئەوەی کە بیانخەمەڕوو. ویستم هەر بەشەی بەشێوەیەکی بێکەموکوڕ تەواوبکەم. لادێ کارەکتەری سەرەکی ئەم رۆمانەیە. پێویستە

**رەنگە لە قووڵایی رۆمانەکەدا شتێك هەبێت کە بە روونی لە پانتایی رۆمانەکەدا نەبینرێت. من سەردەمانی منداڵی گەلێك دژوار سەختم هەبوو، خێزانێك کە بەسادەیی لێکهەڵوەشایەوە، ئەوەش لە شوێنێك کە بەگشتی وێرانبوبوو. لە باوکم و دایکمەوە بگرە تا سەرجەم مامەکانم کوژراون**



ئاگامان لەوەبێت کە هەندێ لە رەخنەگران پیدرۆ پارامۆ وەکو کارەکتەری سەرەکی دەناسێنن. لەراستیدا کارەکتەری سەرەکی لادێیە. لادێیەکی مردووە کە تەنیا رۆحەکانی لێ نیشتەجێیە. هەموو کارەکتەرەکان مردوون، تەنانەت گێڕەرەوەی رۆمانەکەش مردووە. سەرباری هیچ سنورێك لەنێوان فەزاو زەمەندا نییە. مردووەکان لە کۆت و بەندی زەمەن و فەزا ئازادن. نە لە زەمەندا دەجولێن و نە لە شوێندا. بەم هۆیە هەروەکو دەردەکەوێت، بزریش دەبن. باوەڕ لەسەر ئەمەیە کە لەم دنیا ئاڵۆزە، تەنیا رۆحەکان دەگەڕێنەوە بۆ زەوی (ئەم بابەتە باوەڕی هەموو خەڵکە)، رۆحی ئەو کەسانەی کە بە گوناهباری مردوون، زۆرترینیان دەگەڕێنەوە. دووبارە لە لادێ نیشتەجێ دەبن، بەڵام ئەوانە رۆحەکان بوون و نەك بوونەوەری زیندوو.

***پرسیارێکی دیکە کە بەلامەوە گرنگە: ئەم رۆمانە فۆرمێکە لە دنیایەکی مردوو، بەشێوەیەکی ئاماژە مەکسیکێکی مردوو، واتە فۆرمێکی زۆر رەشبینانە کە بەربەستی پێشکەوتنی مرۆڤە بە درێژایی زەمەن، ئێستا چۆن دەتوانرێت ئەو جۆرە لێکدانەوە تاڵە پەیوەست بێت بە دیدگای خوان رۆلفۆوە وەکو کەسێك و تاکێك؟**

خوان رۆڵفۆ: لەراستیدا نە لە کورتە چیرۆکەکاندا و نە لە پیدرۆ پارامۆدا، هەرگیز سودم لە یادەوەرییەکانی ژیانی خۆم وەرنەگرتووە. لەم بەرهەمەدا تەنانەت یەك لاپەڕەش نییە، کە دەربارەی خۆم یان خێزانەکەم بێت. من هەرگیز بەشێوەیەکی راستەوخۆ سود لە ژیاننامەی خۆم وەرناگرم. لەبەر ئەم هۆکارە سادەیەی کە ئاشنایان، ئەو واقیعیەتەی کە پێویستم پێیە، پێم نابەخشن و لەبەرامبەردا هەندێ کارەکتەری خەیاڵی ئەم واقیعیەتەم پێدەبەخشن.

***بەڵام گریمانە لەسەر ئەمەیە، کە رۆمانێك رەنگدانەوەی دیدگای نوسەرە لە جیهاندا.**

خوان رۆڵفۆ: رەنگە لە قووڵایی رۆمانەکەدا شتێك هەبێت کە بە روونی لە پانتایی رۆمانەکەدا نەبینرێت. من سەردەمانی منداڵی گەلێك دژوار سەختم هەبوو، خێزانێك کە بەسادەیی لێکهەڵوەشایەوە ئەوەش لە شوێنێك کە بەگشتی ویران بوبوو. لە باوکم و دایکمەوە بگرە، تا سەرجەم مامەکانم کوژراون. بەمشێوەیە من لە ناوچەیەکی ویران ژیاوم. نەك تەنیا ویرانی مرۆیی، بەڵکو ویرانی جوگرافیاییش. هەرگیز دەرکم بە لۆژیکێك نەکردووە، کە لە پشت گشت ئەو رووداوانەوە بوو، ئێستاش دەرکم پێی نەکردووە. ئەو رووداوانە ناتوانرێت بە شۆڕش بزانرێت، بەڵکو زیاتر شتێکی راپەڕیو لە چاکەکانی ئێمە بوو. شتێکی پەیوەست بە چارەنوس، شتێکی نالۆژیکی. تا ئەمڕۆش بەڵگەیەکی بەهێزم نەدۆزیوەتەوە کە نیشانمبدات، بۆچی بەمشێوەیە، بەو جۆرە سیستماتیکە، ئەم زنجیرە کوشتن و کارە بێبەزەییانە دەرهەق بە بنەماڵەکەم روویانداوە.

***با بگەڕێینەوە بۆ هونەری نوسینی رۆمان، پرۆسەی ئەفراندنی کارەکتەرێك چۆنە؟**

خوان رۆڵفۆ: هێشتا ناتوانم بڵێم چ شتێك من بەرەو بابەتەکانی بەرهەمی رەواییم دەبات، واتە هەستێکی رەخنەیی-شیکاری بەر لە فۆرمەکەم نییە. بە سادەیی کارەکتەرێك وێنا دەکەم و هەوڵدەدەم بزانم ئەم کارەکتەرە کە بەدوای روانینی ژیانی خۆیەوەتی، من بۆکوێ دەبات. هەوڵنادەم کە ئەو بەرەو لایەك بەرم، بەڵکو دوای دەکەوم، ئەگەر بە درێژایی جادە تاریکەکانیش بێت. من کارەکەم بە بۆچوونی کارەکتەرێك دەستپێدەکەم. گەلاڵەیەکی وردم





هەیە لەوەی کە ئەم کارەکتەرە چۆنە، ئەوکاتە بەدوایدا دەڕۆم. دەزانم کە من لە چوارچێوەی پەیتا پەیتایەکی زەمەنیدا لەگەڵ خۆیدا نابات، بەڵکو هەندێکجار قەڵەمباز دەکات کە پێشهاتێکی ئاساییە، باشە، ژیانی مرۆڤێکیش هەرگیز تاك رەهەندی و بێ پسانەوە نیە. بەتایبەت ئەگەر بابەتەکە لەسەر رووداوەکان بێت. پێشهاتەکانی ژیانی مرۆڤ هەمیشە بەشێەی یەك لەدوای یەك روونادات. منیش دەمەوێ لە ساتەکانی خۆم بە دوور بگرم، ئەو ساتانەی کە تیایاندا هیچ شتێك روونادات. هەوڵدەدەم تا بگەمە زەمەنێك کە بۆ کارەکتەر رووداوێك روودەدات، کاتێك کە بەسەرهاتێك دەستپێدەکات و نۆبەی ئەوە، کە بێتە بواری کارەوە، بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ رووداوەکانی ژیانی.

***با چەقی گفتوگۆکانمان کەمێك بگۆڕین. ئایا بە بڕوای تۆ پیدرۆ پارامۆ رۆمانێکی نکۆڵیکەر ئاسا نییە؟**

خوان رۆڵفۆ: نا، بە هیچ شێوەیەك. تەنیا نکوڵی لە هەندێك لەو بەهایانە کردووە، کە بەشێوەی داب و نەریت بە بەها لە قەڵەمدراون. ئەم بەهایانە بۆ شەخسی خۆم، بەهایان نییە، بۆنمونە هەندێك لەم بابەتانە لە بواری باوەڕە ئاینیەکاندا، واتە ئیمان خراونەتەڕوو.

من لە ژینگەیەکی بە ئیماندا گەورە بووم، بەڵام دەزانم کە لەوێ ئیمان بەرادەیەك دەستکاریکراوە، کە ئەم کارەی ئەم کەسانە باوەڕیان هەبێت، واتە باوەڕیان بە شتێك هەبێت نکۆڵی دەکرێت، بەڵام لە راستیدا بەهەمان هۆکار کە بەشێك باوەڕیان بە شتێك هەیە، بەم دۆخە گەیشتوون. مەبەستم

حاڵەتێکی تارادەیەك نكۆڵیكەرە، چونكە دەزانن ئیمانیان لەدەستداوە. كارەكتەرەكانی پیدرۆ پارامۆش زەمەنێك باوەڕیان بەشتێك هەبوو، هەرچەندە ئێستاش باوەڕدارن، بەڵام لەراستیدا ئیمانیان وازلێهێنراوە. پەناگەیەکیان نییە، شتێك كە چنگی لێ گیربكەن. رەنگە لەم لایەنەوە، بە رۆمانێكی نكۆڵیكەر هەڵیانسەنگاندبێت. ئەم بابەتە من دەخاتە یادی كەسانێك كە وا بیردەكەنەوە دادوەرانەترین عەدالەت باشترین عەدالەتە، لە كاتێكدا كە ئەو عەدالەتە گەورەترین بێ عەدالەتیە. بەمشێوازە، لەم بارەدا ئیمانی دەمارگیر بەكرداری دژی ئیمان بەرهەمدێنێت، واتە هەمان نكۆڵیكردنی ئیمان. دەبێت سەرنجتان بۆ خاڵێك رابكێشم. من خەڵكی ناوچەیەكم، كە لەوێ زیاد لە شۆڕشێك روویداوە، یەكێكیان هەمان شۆڕشی بەناوبانگی مەكسیك و ئەوی تریان كە بەهەمانشێوە بەرجەستەبوو، شۆڕشی كریسترا. لەم شۆڕشەدا خەڵك رووبەڕووی یەك وەستانەوە، بێ ئەوەی باوەڕیان بەو راپەڕینە بێت، كە بۆی دەجەنگان. باوەڕیانوابوو كە بۆ ئیمانیان دەجەنگان، بۆ راپەڕینی پیرۆزیان، بەڵام لەراستیدا ئەگەر بە دیقەتەوە سەیربكەین، كە بنەمای خەباتەكەیان چی بوو، دەشێ سەرنج بدەین كە ئەم خەڵكانە بۆنیان لە مەسیحیەت نەبردووە.

***لەو شوێنەی كە ئاماژەت بە ناوچەی خۆتان (خالیسكۆ) كرد، ئایا ناتەوێ دەربارەی كارەكتەری مێژوویی ئەم ناوچەیە روونكردنەوە بدەیت؟**

خوان رۆلفۆ: بەڵێ، چۆن بۆ دەرك پێكردنی مێژوو دەبێت دەرك بەو دەمارگیرییە بكەین، كە لەسەرەتاوە قسەمان لەبارەوە كرد. من خەڵكی ناوچەیەكم كە داگیركردنی ئیسپانیەكان زۆر ناخۆش بووە. لە خالیسكۆ داگیركەران بوونەوەرێكیان بە زیندوویی نەهێشتۆتەوە. بەمەبەستی تاڵان و بڕۆ هێرشیان كردووە، دانیشتوانە رەسەنەكانیان لەناوبردووەو خۆیان لە شوێنیان نیشتەجێبوون. جوتیارانی ئیسپانیایی لەسەراپای ناوچەكاندا لەنوێ جێگیربوون، بەڵام كوشتنی بە كۆمەڵی خەڵكی رەسەنی ناوچەكە، تایبەتمەندییەكی تایبەتی پێبەخشین، هەمان روانینی تایبەتی نەوەكانی ئیسپانیایی كە روانینێكی دواكەوتووانەیەو ئامانج لێی پاراستنی بەرژەوەندییە دروستكراوەكانە. ئەوان ئەم بەرژەوەندییانەیان بە مافی بێ ئەملاولای خۆیان دەزانی، ئەم ئیمتیازانە لە پای بەشداریكردنیان لە داگیركردنی مەكسیك و نیشتەجێبوونیان بوو لە ناوچەكەدا.

وێڕای ئەمە رۆڵەكانی كۆچبەرە ئیسپانیاییەكان و نەوەكانیان، هەمیشە خۆیان بە خاوەن موڵكی رەها دەزانی. دژایەتی هەر هێزێكیان دەكرد دەبووە مایەی هەڕەشە بۆ موڵكەكانیان. ئەم فەزا پیسە لەو كەللە شەقی و سەركێشییەی كە بەدرێژایی چەندین سەدە چەسپاوە رەگ و ریشەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رابردووەو كارەكتەری پیدرۆ پارامۆش لە سەردەمانی مناڵیدا لە هەمان فەزادا گەشەی كردووە. ئێستا بۆ تەواوكردنی گفتوگۆكەمان، دووبارە ئاماژە بە نكوڵی شێوەی گریمانەیی پیدرۆ پارامۆ دەكەین. هەستناكەم كە نكۆڵیكەر بێت، بەڵكو تەنانەت جیاوازی ئەوەیە، پیدرۆ پارامۆ دادوەرییە دەربارەی داب و نەریتە شوم و حەزە نامرۆییەكان كە تەنیا ئەنجامەكەیان بێبەزەیی و ئازارە.



**سەرچاوە:**

- گۆڤاری (Siempre! La cultura en Mexico)، 1973